لەژمارەی داهاتوودا
بە لگەنامەکانی کوشتنی
وریا بلاودەکەینەوە

نامەکانی مەرگ ئاشکرادەبن

ئێستا دەردەکەوێت
تیرۆرکردنی کادرە
مەیدانییەکانی پارتی
لەسلێمانی وەک
(عەبدولی سۆران،
نوری حەمە عەلی و
چەندانی تریش
پەیوەندییان بەنامەکانی
مەرگەوە هەبوو

لەناو ئەو کەسانەدا کە یەکێتی
داوای کوشتنی کردوون (فایەقە رەش،
فوئادی مەجید میسری و
جەزای عەلی کاتبی) تێدایە

لڤین نامەکانی ئیغتیالاتی یەکێتی لەناو شاری سلێمانی بڵاودەکاتەوە

لەیەکێک لەو نامانەدا داوای کوشتنی (١١) کەس کراوە، لەو ناوانە تەنها دوو کەسیان بەزیندوویی ماوون

ئامادەکردنی لڤین **بەشی یەکەم**

کوشتنی ڕەزاقی وەستا وەهاب (وریا)؛ پێش (٢٩) ساڵ بەر لەئێستا لە (١٩٨٣/٩/١١) لەلایەن سەرکرداریەتی ئەوکاتەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە هەتا ئێستا بەتەموومژاوی ماوەتەوە.

وریا تەمەنی (٣٥) ساڵ بووەو مەفرەزەی ئیغتیالاتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە لەناو شاری سلێمانیدا، کە لەلایەن سەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوخۆی کۆمەڵەوە پێی سپێردرابوو، هەموو جارێک فەرمانی ئیعدامکردنەکان بریتیبوون لەنامەیەک کە ناوی ئەو کەسانەی تێدا نووسرابوو کە پێویستە ئیعدامبکرێن، لەخوارووی نامەکەشەوە مۆری ڕێکخستنی ناوشاری کۆمەڵەی ڕەنجدەران دەدرا لێی.

لەساڵانی (١٩٨١) تا ساڵی (١٩٨٣) بەهۆی ئەم نامە تایبەتییانەوە زنجیرەیەک کاری ئیغتیالات لەسلێمانی ئەنجامدرا بەهۆیەوە زیاتر لە (٥٠) کەس کوژران، ئێستا دەردەکەوێت کە زۆربەی زۆری ئەم کردەوانە پەیوەندی بەو نامەتایبەتییانەوە هەبووە، واتە ناوەکان ئەو کەسانە بوون کە لەنامە تایبەتەکاندا ئاماژە کراوە بۆ ئیعدامکردنیان.

هەرچەندە کاتی خۆی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو تەنانەت سەرکردایەتی کۆمەڵەش ئاماژەیان بەوە دابوو کە ئەوان ئاگاداری ئەو کردەوانە نینو لەپشتی ئەو کارانەوە نین، تەنانەت خودی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق وتبووی ئەگەر یەکێتی لەپشتی ئەو کارانەوە بووبێت، ئەوا جانتاکەم هەڵدەگرمو کوردستان جێدەهێڵم.

ئێستا دوای تێپەڕبوونی نزیکەی (٣٠) ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوانەدا لڤین بۆ یەکەمجار کۆمەڵێک بەڵگەنامەی گرنگ بڵاودەکاتەوە کە دەیسەلمێنێت هەموو ئەم کارانە بەفەرمانی سەرکردایەتی کۆمەڵەو سەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوشار ئەنجامدراوە.

لەدواهەمین دیمانەشدا مەلا بەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد کە ئاگاداری ئەو نامانەیە کە بۆ وریا نووسراونو ئەوەش دەزانێت کە ئەو نامانە دەستوخەتی کام لەسەرکردەکانی ڕێکخستنەکانی ناوشاری کۆمەڵەیەو دەستوخەتەکەش دەناسێتەوە، هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە ئێستا ڕوون نییە ئەو بڕیارانە لەناو کۆمەڵەدا چۆن دراوون؟

بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی لەو نامانەدا ناویان هاتووە بۆ ئیعدامکردنو کوشتن سێ پۆلن، بەشی زۆریان بریتین لەسەرکردە مەیدانییەکانی پارتی لەناو شاری سلێمانیدا، هەندێکی دیکەیان بریتین لەکەسانی سەر بە بەعسو ئەمنو تەواری، هەندێکی دیکەیان بریتین لەشیوعییەکان، هەرچەندە لەنامەکەدا ئاماژە بەوەکراوە کە خائینانی سەر بە (ڕەسوڵ مامەندو هەڤاڵ جووجەڵە)ش بەسزای گەل بگەیەنن، بەڵام وادیارە لەو نامەدا کەسانی سەربەوان نابینرێن، ئەوەندەی ئێمە بیستوومانە ژمارەی ئەم نامانە زیاترەو ژمارەی تیرۆرکراوەکانیش زۆر لەمە زیاترە، بەڵام وادیارە تەنیا توانراوە ئەمەندە لەنامەکان بپارێزرێنو ئەوانەی دیکەیان فەوتاوون.

ئەوانەی لەو نامانەدا ناویان هاتووە بۆ ئیعدامکرادن بەشی زۆریان بەماوەیەکی کەم دوای بەرواری نامەکان تیرۆرکراوون یان کوژراون، بەڵام هەندێکیان کە لەڕاستیدا تاکوتەران بەهەرشێوەیەک بووە ڕزگاریان بووە، لەوانە فوئادی مەجید میسریو فایەقە ڕەش کە ئێستا یەکەمیان بەڕپرسی دەزگای حەمدییەو ئەوی دیکەیان بریکاری وەزارەتی ناوخۆیە.

کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕابەرایەتی ناوخۆ

بۆ هاوڕێ وریا یحیا بەریز سەلام دەبێ. ئەوانەی کۆمیتەمان
ستەمیان لێکراوە سڕگیرانەی کە ئێمە.

کۆمیتەی وڵاتیە هەروەها بەردەوام لە خەباتی سەختی خۆیاندا
دژی خاینانی ئۆپۆزسیۆن بەرپرسیاری (ع.ل) دا
هاوەڵ لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی ئاسایی بکەن و چارەسەری بنەڕەتیان بۆ
دابنێن. هاوڕێیان بەچاوی نائومێدی و ئاماژەی ئەوەی کە
کۆتایی پێهێنرا کە ئەوانە پێتانە وەک داوا ئاماژەی پێکەن کە لەسەر
بەاعدام کردنی هەم ئەوانەی لە خوارەوە وەک دەستیان سووری بە
خوێنی پۆلە ئەنفالکراوەکانی کە لەگەڵ ئەوانی وەکاری پۆژانەیان
بوونە خۆفروشی و دەستپێشخەری کردنی هاوڕێیانی دڵسۆز بۆ
فاشیزمی کۆمەڵە. کە هەم خۆفروشی لە خوێنی باپیری بوونە بە پۆلی
دوژمنی خەباتی نەتەوەیی و هەروەها لە خوێنی ئەوانەی کە لەسەر
دروستکردنی ئەوە تازە زیاتر مەلومات لەسەر شۆڕشی گەلی وە تەنزیمی
کۆمەڵە وە وە بیدەنە پاڕتی فاشیست. ئەوە کەمانە ئەوانەن:

١- مامۆستا کریم حارس - مامۆستایان خوێندکارانە بۆ ئەوانە لەسەر چنار
ئیسماعیل ئەوانە ئەحمەد و بە لاشەحمەد و دوورشەحمەد بنوە ڕوان بەهۆی
ئاشکرا کردنی حەی بنەمای ساڵەوە
لە کاتی زیندوی (١١) وە دەچێت بۆ
دەوامی خوێندنەکە بە لاشەحمەد ساڵی ئەوە
ئەو بەیانیان لەسەر چارەی کە هەم
دەچێت بۆ خوێندنەکە لەسەر چنار
هاوڵیان بە ڕابەرەکەی دکتۆر عبدالرحمان ڕەسوڵ بە سەرکردەکەوە
کە خەتی لە خوارەوە بە ڕەنگی ساماڵەکەیان ساحەیەکی فیدائی کراوە





ئەرێ

بۆ هاوڕێ و کادرو مفارزەکانی کۆمەڵە سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە
هیوادارین هەمیشە سەرکەوتوبن لە خەباتی رەوا تانا
دژی دژمن فاشیش

١- هەڵگری نامەمان حسین صالح لەلایەوە ئێمەوە ماوەدراوە
کە لەگەڵ ئەم کاڕا عەرەب و ایلەیەر هەندێک هۆکەیە رژەوەندی
ڕێکخستنی پێداوایە گەیە ڕێگای لەمەگرت

ئێتۆ بۆ پێشەوە بەرەو ئاسۆی سەرکەوتن

: کۆمیتەی سەرکردایەتی ناوخۆ

کاتی خۆی تاڵەبانی وتبووی ئەگەر دەرکەوێت ئەم کوشتنانە دەستی یەکێتی تێدایە، ئەوا جانتاکەم هەڵدەگرمو کوردستان بەجێدەهێڵم



ئەرت

بو مەفرەزەی کومیتەی سەرکردایەتی ناوخۆ

سداد یکی شورشگرانە

گەایە ئەم تاوانبارانەی خوارەوە اعدام بکەن

١- تاوانبار صدیق أمین / صدیقە قەن دوگاندار لە ابراهیم پاشا

٢- تاوانبار بکر حاجی فرج آمر مەفرەزەی لقی چواری پارتی بوکۆن

٣- تاوانبار فواد حاجی بجید مصری برای تاوانبار زیادی حاجی بجید مصری ئەم دو تاوانبارە واتە بکر و فواد ناوەندی کومەلە دادای اعدام کرونی کردون

٤- تاوانبار فتاحە ئەلەو مدیری مالی و بحاری نیژیو پیشروە یەرەو ئاسوی سەرکەوتن

کومیتەی سەرکردایەتی ریکخستنی ناوخۆ

٨١/٧/٩



ئەرگ ئەسعەرن

یوم ئەسعەرن سەداویکی شۆڕشگەرانە

گەیە ئەم تاوانیارانەی خوارەوە اعدام بکەن

١- فائقە رەشا مالیان یەرامیەر گەوت بن تەیەڤە

لەگەرەکی شیخ جامی

٢- عەرین مەولود

٣- نوری حمە علی

٤- عیدل سوران

٥- عەلە خڕە

٦- سوار تا غایرای گور یەگوتناحی مالیان لەسێ و کانی یەکانی

دکانیان هەیە یە تەنیشت صدلی یە نەواوە

٧- یوسف لچە

٨- بکری حاجی خرچی

٩- حسن دوکاندار لە هەوارە یەرزە

١٠- جزاو شەل

١١- زاهرە سهێل

تیژ یو پیشروە یەرەو ئاسوی سەرکەوتن

کومیتەی سەرکردایەتی

تاوخۆ

٨١/٩/٩

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان (عیراق)
ریکخستنی شار
تنظیم المدن
عصبة شغیلة کردستان (عراق)

ئەرگ ئەسعەرن

یوم ئەسعەرن ای ئیگو شرر
سدادیکی شورشگیرانە
هیوادارین هەمیشە سەرکەوتوین لە خەیاتدا
هادرێیانی نەیەز کمایە تاوانیار
علی رشید کە تاوانیشمانی نەداوی لە
نەخشەکەدا دیاری کراوە
اعدام یکەن

بۆ پیشروەیەرەو تاسۆی
سەرکەوتن
ئەسعەرن

٨ ١/٩/٢١

ئەیینی
یکی رسول مالیان لەلای مرکزی شرطەی
خانوە مورەکانە ستا هەم ماله
لەریزی مرکزە کە ناویراو
استخباراتە چەند تاوانیکی گەورەی
کردوە کمایە اعدامی یکەن
چونکە مستەحەقە